**پ١**/ پێناسەی ئەمانە بکە : ١ – رێککەوتننامەی بریست لیتۆفسك ٢– کشان بەرەو رۆما -٣مەرسومی ئاشتی ٤– کۆمەڵەی جەنگاوەران

**پ٢**/ ئەو کێشە و گرفتانە بخەروو کەرووبەرووی کۆماری ڤایمار بویەوە

**پ٣**/ ئەو خاڵە هاوبەشانە بخەروو کە لەپەیماننامەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەسەر وڵاتانی شکست خواردووی جەنگدا سەپێنرا

**پ٤**/ هۆی ئەمانە روون بکەوە :

١–لەکۆنگۆەی ئاشتی پاریس بەریتانیا نەیدەویست ئەڵمانیا بەوڕادەی کەفەرەنسا دەیویست لاواز بێت .

٢–سەرنەکەوتنی کۆمەڵەی گەلان

٣–پۆلەندا لەبەرامبەر هێرشی ئەڵمانیا لەساڵی(١٩٣٩) شکستی هێنا

٤–پیاوانی ئاینی(ئەکلیرۆس) دژایەتی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی(١٩١٧) روسیایان دەکرد .

**پ٥**/ باسی ئەو دەزگا سەربازیانە بکە کەهیتلەر بۆ سەرکوتکردنی ئۆپۆزسیۆن بەکاریدەهێنا

**پ٦**/ چی لەبارەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیتاڵیای فاشی و ئەڵمانیای نازی دەزانی بینووسە

**پ٧**/ ئامانجەکانی ئەمریکا لەکۆنگرەی ئاشتی پاریس بخەروو .

**پ٨**/باسی هەڵوێستی ئیتاڵیا بەرامبەر جەنگی ناوخۆیی ئیسپانیا بکە .

**پ٩**/ ئەم بۆشاییانە بەدەستەواژەی راست پڕ بکەوە :

١– هاوپەیمانان لە(١٠ ئەیلول ١٩١٩) پەیماننامەی سان جێرمانیان سەپاند بەسەر ................

٢– بەشێوەیەکی فەرمی کۆمەڵەی گەلان لەرێکەوتی............... لە(جنێف)ی سویسرا کرایەوە .

٣– هیتلەر لەزینداندا کتێبێکی بەناوی.....................نووسی .

**پ١٠**/ پێناسەی ئەمانە بکە : ١– پەیماننامەی مۆدروس ٢– جەنەرال (جۆن پرشنج) ٣– شەڕی لودزین

**پ١١**/ باسی (پارتی سۆشیالستی دیموکراتی) روسیا بکە .

**پ١٢**/ هۆی ئەمانە روون بکەوە :

١– کاریگەری ژێردەریاییەکانی ئەڵمانیا لەساڵی(١٩١٧) کەم بوویەوە و سنووردار بوو .

٢– لەجەنگی یەکەمی جیهانی پاشای یۆنان (قوستەنتین) لایەنگری بەرەی ناوەند بوو .

٣– ئەڵمانیا لەشەڕی (ڤردان)دا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا .

**پ١٣**/باسی هاوپەیمانی دوو قۆڵی ئەڵمانیا – نەمسا (١٨٧٩) بکە

**پ١٤**/ ئەم بۆشاییانە بەدەستەواژەی راست پڕ بکەوە

١- رۆمانیا لە (٧ مایس ١٩١٨) بەپێی پەیماننامەی..........لە جەنگی یەکەمی جیهانی کشایەوە

٢-مێژووی بەکارهێنانی زاراوەی (زلهێزەکان ) بۆ کۆنگرەی ......... دەگەڕێتەوە

٣-یەکێتی ئەڵمانیا لەساڵی(١٨٧١) لەسەر دەستی ............. پێکهات .

٤-ئیتاڵیا لەساڵی.......... لیبیای داگیر کرد .

٥-شۆڕشی (ئۆکتۆبەری ١٩١٧)ی روسیا کۆتایی بەبنەماڵەی ........... فەرمانڕەوا هێنا .

**پ١٥**/چی لەبارەی رێکەوتننامەی(فرانکفۆرت) دەزانی بینووسە .

**پ١٦**/ بەریتانیا ژمارەیەکی زۆر داگیرگەی هەبوو، سوودی ئەو داگیرگانە بۆ بەریتانیا دەستنیشان بکە :

**پ١٧**/ بنەماکانی مۆنرۆ بخەروو